# ژنە ناودارەکانی کورد

عوسمان رەسول حەسەن

چاپی یەکەم

٢٠١٣ز ٢٧١٣ ك

❖ ناوی کتێب : ژنە ناودارەکانی کورد
❖ نوسینی : عوسمان رسول سەنگەسەری
❖ دیزاینی بەرگ : هونەری محمد صۆفی
❖ تایپ و نوسین : سانا عوسمان و زایەڵە عوسمان
❖ تیراژ : ١٠٠٠
❖ نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم
❖ چاپخانە : سیما – سلیمانی
لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی سلێمانی
ژمارە ( ١٧٦٨ )پێدراوە بۆ ساڵی( ٢٠١٣ ).



لەبڵاوکراوەکانی نوسەر:

★ سەروەرانی قەندیل چاپی یەکەم (٢٠١٢)

★ پارتیزانی مەرگ و ژیانەوە چاپی یەکەم (٢٠١٣)

★ کۆمەڵە وتارێك لەبناری قەندیلەوە چاپی یەکەم (٢٠١٣)

★ ★ ژنە ناودارەکانی کورد چاپی یەکەم (٢٠١٣)


عوسمان رسول حسن ناسرا و بە عوسمان سەنگەسەری

کارگێری مەڵبەندی پێشمەرگە

٠٧٧٠١٥٦٧٠٩٣

# مریه م خانی سه ید ئه حمه دی خانه قا

یەکیکە لەوژنەسەرکردەوهەڵکەوتوانەی گەلی کوردکە سەرکردەی ئافرەتانی شاری کەرکوکی کردووەو، زۆر ژیروهوشیارو رۆشنبیرو کوردپەروەربوەو لەهەمان کاتیشدا خاوەنی بنەماڵەیەکی ئاینی و تەکیەوخانەقابوون،کەڕۆژانەبەدەیان هەژارو نەدارو ڕویان تێدەکردوبرسیەتی خۆیان دەشکاند.وەهەروەهامریەم خان کچی سەیدئەحمەدی خانەقاوفاتمەخانی شێخ ڕەزای شەدەڵەیە ، لەساڵی١٩٠٤ لەکەرکوك لەدایك بوەوخاوەنی سێ برایە بەناوەکانی : شێخ عەبدوقادر ، شێخ حوسەین ، شێخ کاکە حەمە . مریەم خان کەسایەتیەکی سیاسی ومرۆڤ دۆست وکۆمەلایەتی بوو، وەپەیوەندی بەهێزیشی هەبوولەگەڵ بنەماڵەکانی تورك وعەرەبەکانی کەرکوك وحەپسەخانی نەقیب وشێخ حە فیدو پیرەمێردوچەلەبی وبنەمالەناودارەکانی هەولێرو کۆیەو بەعقوبەوشارەبان و بەغدا...هتد باوکی مامۆستای تایبەتی بۆگرتوەبۆئەوەی فێری خوێندن وزمانەکانی عەرەبی وتورکی وفارسی ببێ ولەهەمان کاتیشدا شعرەکانی حافزوسەعدی لەبەرکردووەوهەمیشەلەگەڵ مافی نەتەوەکەی دابوەو لێپسراوی مانگی سووری عێراقی لقی ژنان بوەوپیشانگای جل وبەرگی کوردی کردۆتەوەوهەمیشەش هاوکاری گەلەکەی بوەوهاوبەشی شۆڕشی ئەیلولی کردوەوساڵی ١٩٧٤ و١٩٩١ بەشداری کۆڕەوەوئاوارەیی ئێرانی کردوەوتاوەکولەساڵی ١٩٩٣/١٢/٩ کۆچی دوای کردوەولەمزگەوتووخانەقای خۆیاندا نیژراوە..

# حه پسه خانی عیرفانه فه نی



کچی زانای بەناوبانگی کوردعیرفانەفەنی یەوکەزانایەکی ئاینی وفەلەکناسی وشاعیرێکی بەتواناولێهاتووبوەو خێزانی خوالێخۆش بووجەمیلە فەنی سائیبە ، لەساڵی ١٩٠٢ گەڕەکی شێخان (کانیسکان ) ی سلێمانی لەبنەماڵەیەکی ئاینی وکوردپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەوژنێکی ڕۆشنبیروسکرتێری کۆمەڵەی زانستی ئافرەتان بوە کەلەسلێمانی ساڵی١٩٣٠ دامەزراوەکەبەیەکەم جولانەوەیئافرەتانی باشوور دائەنرێ . وەئافرەتێکی ڕەوشت بەرزو خاوەنی داهێنان ورەخنەو کەسایەتیەکی کۆمەلأیەتی وهەمیشە دژی داب ونەریتە دواکەوتوەکان کاری کردوەو وەکومامۆستاودایکێك هەمیشە پیشەنگ بوەبۆپێشخستنی کۆمەڵگای کوردی ولە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن مافی ئافرەتانی عێراقەوەرێزلێنان وپێشوازی لێکراوەبۆکۆنگرەی بەغدا ولەکوردستانیش بەهەمان شێوەجێگای سوپاس وڕێزبوە وبەلأم بەداخەوەلە ١٩٩٧/٦/١٥ کۆچی دوایی کردوەو لەگردی سەیوان نێژراوە

# حه پسه خانی نەقیب

کچی مەعروف بەرزنجی نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ وئامۆزا ی شێخ



مەحمودی مەلیکی کوردستانەهاوسەری شێخ قادری حەفید لەساڵی ١٨٩١ لەسلێمانی لەدایك بوە وبۆیەش پێ یان وتوە نەقیب لەبەرئەوەی باوکی پلەی نەقیبی دراوەتێ لەلایەن عوسمانیەکان وهەربەوهۆیەوەش بوەنوینەری ساداتی شێخان بوە. ژنێکی بەخشندەومیهرەبان ودڵسۆزو ڕۆشنبیربوەو قوتابخانەیەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆژنان کردۆتەوەوخانوەگەورەکەی خۆیشی داوەتە کۆمەڵەی زانستی ، وەهەمیشە لایەنگری مافی نەتەوایەتی گەلی کوردبوەوەساڵی ١٩٢٣ کەسمکۆی شکاك هاتە سلێمانی لەسەرداوای حەپسەخان لەسەرشەقامەکان کەوتنە پێشوازی و لەهەمان کاتیشدا سەرۆکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردبوەلەساڵی ١٩٣٠ کەداوای مافەکانی ژنانیان کردوە ولەساڵی ١٩٣٠ نامەیەکی ئاراستەی کۆمەلەی نەتەوەکانی جنیف کردوەو داوای مافی چارەنووسی بۆ گەلی کورد کردوەوکاتێکیش کۆماری مەهاباد دامەزرا هاوکاری مادی کردو پێشەوا قازی سوپاس وستایشی ئەم هەڵوێستەی کرد. وەهەمیشەدژی دا ب ونەریتە دواکەوتوەکان بوەویەکەم کەس بوەکەپەچەی فڕێداوەو سەدان کێشەی کۆمەلایەتی چارەسەرکردوە. وە( ئێدمۆندز ) حەپسەخان بەئافرەتێکی ناوداروژیروزیرەکوسیاسەت گێڕ وەسف دەکا کەلە ٦ ی ئەیلولی ١٩٣٠ ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە ڕاپەڕینە کەدا

# مه ستورەی ئەردەلان



ماه شەرەف خانمی کوردستانی کە بە مە ستورە خانم ناوی ڕۆیشتوە ناوی مە ستورە ئە ردەلانە کچی ئە بو حسن بە گی محمد اغای نا ڤری کوردستانیە ، لە ساڵ ١٨٠٥ لە شاری سنەی کوردستانی ئێران لە دایك بووەو یەکێك بوە لە ئافرەتە ناودارەکانی گەلی کوردو لە سەرچاوە بیگانەکانیش باس لێوە کراوەو هەر وەکو خانمە ڕۆژهەلات ناسی روسی (ڤاسیلێڤیا) دەڵێ ( نوسینەکانی مەستورە زۆر گرنگن بۆ تێگەیشتن لە هاوسەنگی هێزەکان لە باشوری رۆژهەلاتی کوردستاندا ) هەروەها هۆزەکەی مەستورەخانم بە قادری بە ناوبانگەو لە بواری ژیری و دانای و روناکبیری دا کەم هاوتا بوەو وە زمانەکانی عربی و فارسی لە ژێر چاودێری باوکیدا فێر بوەو، شاعیرێکی ناودار بوەو دیوانە شعرەکەی مەستورە خانم کە ٢٠ هەزار بەیتە لە سالی ١٩٢٦ بە ناوی ( دیوان ماە شەرەفخانی کوردستانی _ مەستورە) لە چاپ دراوەو هەروەها خاوەنی کتێبی ( تائریخی ئەردەلانیشە ) بە یەکەم ژنە مێژوو نوسو لە رۆژهە لاتی دا ئە نرێ و لە روی مێژوو ئەدەب و شعیردا شارەزای هونەریەکی باشی هە بوو وە هاوسەرگیریشی لەگەڵ فەرمان ڕەوای ئەردەلان خەسرەو خانی والی شاری سنە کر دووە بە داخەوە لە سالی ١٨٤٨ لە سلێمانی کۆچی دوای دەکا و لە گردی سەیوان بە خاك دەسپێردرێ.

# هونەرمەند نەسرین شێروان



هونەرمەند نەسرین عومەر عوسمان لە سالی ١٩٢٩ لە گوندێکی ناوچەی شەرناخی کوردستانی تورکیا لە بنەماڵەیەکی کۆچەری و هەژار لە دایک بووە بە هۆی سەختی ژیانەوە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی کردووە وەکو (جولە مێرگ ، جودی ، وان ،بۆتان ، سێرت ، ئامەد ...... هتد) دواتریش بەرەو ناوچەکانی کوردستانی باشور هاتووە لە سنووری ناوچەکانی زاخۆ نیشتەجێ بوە و لە مالی یەکێك لە ئاغاکانی زاخۆ کار دەکات و هەر بەهۆی بژێوی ژیانەوە ئەبێت روو لە بەغداد دەکات لە مالی یەکێك لە مەسحیەکانی شاری بەغدا کە پێشتر ناسیونی دەمێنێتەوەو دوای ماوەیەکیش لە مالی جەمال بابان کە وەزیرێکی سەردەمی پاشایەتی بووە کاریان بۆ دەکات وە هەر لە وێوە ئاشنایی هونەرمەندان (علی مەردان، حسن جەزیری)دەبێت بە هۆی علی مەردانەوە سالی ١٩٤٤/٣/٢٥ لە ئێستگەی بەغدا دەست بە کار دەبێت یەکێك لە کچە دەنگ خۆش و زیرەکەکان دەبێت و لەگەل تیپی مۆسیقای ئیزگەی بەغدای دەست بە تۆمارکردنی گۆرانییەکانی دەبێت و گۆرانیەکانیشی رەنگ دانەوەی ژیانی پر چەرمەسەری و ئاوارەیی و سەردەمی منالی و هەرزەکاری و خۆی ئەبێتەوە هۆنراوەکانی (جگەر خوێن، حافز مانی، شێخ سلام....هتد)دەکا بە گۆرانی و ئاشنایەتی و دۆستایەتیش لەگەل هونەرمەندەکانی تریش پەیدا دەکا.

# عادیله خان



عادیله خانم کچی عبدلقادری بەگی ساحبقرانە لە سالی ١٨٧٥ لە شاری سنەی کوردستانی رۆژهەلات لە دایك  بوە خۆی لە بەگزادەکانی ساحبقرانی خاوەن رۆشیینبیرو لانکەی روناکبییری و هۆشمەندی بوەو لە گەڵ ئە وەشدا کارگێری هۆزی جاف بوە لە سالی ١٨٥١ بنەماڵە کەیان لە دوای تێکچونی میرنشینی بابان   بنەماڵە کەیان روو لە وڵاتی ئەردەڵان دەکا و لە سالی ١٨٩٥ شوی بە وەسمان پاشای جاف کردوە کە رۆڵی بەرچاوی هەبوە لە ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە داو کارو بارەکانی لە ناو هۆزەکانی جافدا زۆر بەسەر کەوتوی کردوەو هەمیشە حەزی بە ئاوەدان کردنەوەو خوێندەواری وپێشخستنی ولاتەکەی کردووەو چەند قوتابخانە و بالەخانە و سەیرانگای کردۆتەوە ، عادیله خانم بە هۆی ژیری و سەرکەوتوی و ناوداریەوە بۆتە جێگای گەریدە ئەوروپیەکان هەر وەکو ( مێجەر سۆن) لە سالی ١٩٠٩ لە هەلەبجە عادیله خانم دەبینێ و سەرسام دەبێت ب زیرەکی و لێهاتوی و کۆمەڵایەتی کە توانیویەتی فەرمان رەوایەتی شارەزور بگرێتە دەست لە دوای مردنی مێردەکەی وە عادیله خانم لای ئینگلیزەکان زۆر ناسراو بووە سەردانیان کردوە نازناوی پایە بەرزی هیندی ( خان بە هادوری) یان پێبەخشیوە لە ساڵی ١٩٢٤ لە شاری هەڵە بجە کۆچی دوای کردوە,,,,,,,,,,,,,,.

# نەجیبە خان جەلیزادە



سالی ١٩١٧/٩/٨ لە شاری کۆیەی هونەر و زانست و مەکۆی شاعیران و هونەرمەندان و شەهیدانی کوردستان چاوی بەژیان هەڵهێناوە کچی مەلای گەورەو زانا و شاعیری کۆمەلایەتی بوە و یەکەم کەس بوە کە کچەی خۆی ناردۆتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی تێکەلا و خوێندوویەتی کە ئەمەش نیشانەی پساندنی کۆت و زنجیر و شۆرش و ڕاپەرین بوە لەم کاتەدا ئەم ئافرەتە ژیر و هۆشیارە لە تەمەنی لاوێتی هەستی کوردانەی دەجولێ لە سەرەتای چلەکاندا لایەنگری پارتی هیوا بووە لەگەڵ[٧] دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامێکی کاراو چالاکی ئەم پارتە بووە لە پێناوی مافی گەلەکەی و ژناندا کاری کردووە وە بە نهێنی کاری لەگەڵ ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستاندا کردووە ڕۆلێکی بەرچاوی گێڕاوە و لەگەل شۆرشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ بووە سەرۆکی ئافرەتانی کوردستان لقی کۆیە و دواتریش بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە و هەتا نسکۆ لە سالأنی ١٩٧٥_١٩٧٧ لە ژیانی ئاوارەیی ئێراندا ماوەتەوە زۆر جەورو ستەم و ناخۆشی بینیوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە پێگەو پایەکی بەرزی کۆمەلایەتی هەبووە

به دەم کێشەکانی خەڵکەوە چووە و بۆی چارەسەر کردوون و دوو کتێبی بە چاپ گەیاندووە وەکو (مێژووی کۆیە، مێژووی بنەماڵەی جەلی زادە) وە ٨ کتێبی جۆراو جۆری تری ماوە کە چاپ نەکراوە وەکو (هەوالی کوردەواری )سالی ١٩٦٠_١٩٦٢ و حەوت رەنگ و المنجت نۆ بەرگ و کۆکردنەوەی باسی کورد لە (رۆژنامەکان و هەمە رەنگ و خەم رەوێن و چەپکە گول )و ئامەدەکردنی نوسینەکانی بۆ باوکی وە دواتر یەکێك بووە لە دۆستەکانی (ی ن ك)لەگەل مام جەلالدا پەیوەندی و ئالوگۆڕی نامەی هەبووە بەلام بەداخەوە لە کاتژمێر ١٢ ی شەو ١٩٩٩/٦/١٢ کۆچی دوایی کرد.

# لەیلا قاسم



لە سالی ١٩٥٢ لە خانقین لە خێزانێکی کورد پەروەرو دڵسۆز لە دایك بووەو هەر لە سەرەتای لاویەتیەوە کەوتۆتە خە بات وتێکۆشانی نهێنی بۆ ڕزگاری گەلەکەی وە بەیەکەم کچی شۆڕش گێرو شەهید ناسراوە خۆشی لە بنەماڵەیەکی هەژارو نیشتیمان پەروەر بە رجەستە بووەو باوکیشی کرێکاری پاڵاوتگەی نەوت بوە لە ئەلوەند دواتر لە سالی ١٩٧١ ماڵیان چۆتە بەغدا و لە وێش درێژەی بە خوێندن و خەباتی ژێر زەمینی داوە لە سالی ١٩٧١ لە بەشی کۆمەڵ ناسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوەو سالی ١٩٧٠ لە ڕێگەی براکەیەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکاو ڕۆلێکی کاریگەرو کپ وچالاکی دەبێ لە کارکردن داو لە هەمان کاتیشدا بە هۆی ئەوەی جەودای خۆش ویستوە لەگەڵ ئەودا بۆ مهوەیەك لە شاخ دەبێتە پێشمەرگەو هەر بە یە کەوەش لێکۆلینەوەیەکی زانستیان لە سەر کۆمەلگەی کورد ئەنجام داوە بەڵام بە هۆی تێکچونی مفاوەزەی لە سالی ١٩٧٤ کتێبەکەیان بۆ چاپ کراو جارێکی تر لەیلا شاری هەڵبژارد بۆ درێژە دان بەخەبات و تێکۆشان بۆ گەلی کورد بۆیە دوژمن لە ساڵی (١٩٧٤) بە وردی چاو دێری دەکردن و ئەوە بوو لە ڕۆژی (١٩٧٤/٤/٢٨) لەیلا و خۆ شەویستەکەی جەواد( ٣

)له هاوڕێكانی گیران له بەغدا كەو تنه ئه شكەنجەو ئازار و لەم لا شەوه له ڕادیۆ و ته له فزیۆن و ڕۆژ نامەكانی بەعسدا به تێكدەر وخائین ناویان دەبردن.بەڵام هەموو ئەمانه نه تۆزقاڵێك لەورەی بەرزی خۆی و هاوڕێكانی كەم نەكردەوه ئەوه له بەرواری (١٩٧٤/٥/١٢) لەیلا و هەر (٤)چوار هاوڕێكەی له سێداره دران و دایك و باوكی لەیلا له تاوی لەیلاو سەلامی كوڕیان هەر زوو لەخەم و ئازاردا كۆچی دواییان كرد وەهەر له بەر خۆشەویستی و دڵسۆزی و بوێری و لێهاتووی لەیلا و هەزاران كچ ناو نران لەیلا.

# مەرزیە فەریقی




هونەرمەند مەرزیە شهاب عبداللە لە ڕێکەوتی (١٩٥٨/٥/٢٢) لە خێزانێکی دڵسۆز و نیشتیمان پەروەر لە شاری مەریوانی کوردستانی ڕۆژهەلأت لە دایك بووە و بەلأم دایك و باوکی خەڵکی شاری سنەن و ، مەرزیە هەتا ١٧ ساڵی هەر لە مەریوان بووە و هەر لەمناڵیەوە بەهرەی دەنگ خۆشی و بوێری و زیرەکی تیا هەبووە بڕوانامەی دبلۆم لە مامۆستایەتیدا بە دەست دەهێنی ، هەرچەندە مەرزیە بەحوکمی ئەوەی کچ بووە هەمیشە ڕێگای گۆرانی وتنی لێگیراوە بەلأم لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بە خۆی بووە بۆیە لە جەژن و یادەکاندا گۆرانی وتوەو بۆتە جێی متمانەی خەڵك وە هەمیشە ئاواز و گۆرانی و مۆسیقای سلێمانی کاری تێکردوەو حەزی بە دەنگی کەریم کابان و قادر کابان کردووە مەرزیە خان لە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ ڕەزازی بەیەکتری ئاشنا دەبن و لە ساڵی ١٩٧٨ زەماوەند و هاوسەرگیری دەکەن و ساڵی ١٩٨٠ وەك و دوو هونەرمەندی شۆڕش گێڕ و لاو ڕوو لە چیاکانی کوردستان دەکەن و دەبنە پێشمەرگە بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان بە تفەنگ و سروودە نیشتیمانیەکان جۆش و خرۆشی شۆڕش گێڕانە ئەدەن بە گوێی گەلی کوردا لە ڕیزەکانی کۆمەڵە درێژە بە خەبات ئەدەن و یەکەم سرودی سلاو بۆ

پێشمەرگە بە ئەنجام دەگەیەنن لەگەڵ دەیان سروودی ترکەدەبنە وێردی سەر زمانی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٨٥ لە وڵاتی سوید نیشتە جێ دەبن و( ٣ ) منداڵ دوای خۆشی بە جێ دەهێڵێ بەناوەکانی(دڵنیا،ماردین،کاردۆ) وە مەرزیە خاوەنی چەندین گۆرانی و ئەلبومی پڕ چێژو خرۆشە بەڵام بەداخەوە لە (٢٠٠٥/٩/١٨) لەستۆکهۆڵمی سوید کۆچی دوای ئەکاو لەسەر داوای خۆی لە سلێمانی بەخاك دەسپێردرێ.

# ڕەوشەن صالح بەدرخان



سالی ۱۹۰۹ لە شاری قەیسەری کوردستانی باکور لە دایکبووە بە هۆی شۆڕشگێری و هەستی کوردانەیان هەمیشە لە ئاوارەی دابوون ئەو کاتەی ئەو لە دایك ببو باوکی لەو شارە دوور خرابۆوە بۆ شام و دواتر لەگەل باوکیدا یەکتری دەگرنەوە و لە سالی ۱۹۲۵ لە دیمەشقەخانەی مامۆستایانی تەواو کردووە وە لە سالی ۱۹۳۵ شوی بە جەلادەتی بەدرخان کردووە وە لە سالی ۱۹۵۱ جەلادەتی هاوسەری کۆچی دوایی کردو وە یەکەمین ژنی کورد بوە بەشداری کۆنفراسی(دژی کۆلۆنیالیزم) لە ولاتی یۆنان لە سالی ۱۹۵۷ کردو لە بواری نوسین و وەرگێرانیشدا دەوری کاریگەری هەبووە وە ۱۰ کتێبی جۆراوجۆری هەبوە وەکو پەروەردەو ئەدەب و مێژوو یاداشتندا وە زمانەکانی تورکی و عەرەبی بە چالاکی زانیوە شارەزایشی لە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەلمانیدا هەبووە و ۳ پەرتووکی بە زمانی عەرەبی نوسیوە وەکو (سەفات من الادب الکردی ،غرامی والامی ، مزکرات ، امره) وە لە سالی ۱۹۳۷ یشدا پەیوەندی بە ڕێکخراوی ژنانی سوریاوە کردوە وە هەر بە نوێنەرایەتی ئەم ڕێکخراوە بەشداری کۆنگرەی قاهیرەی کردووە وە لە سالی ۱۹۷۱ لەسەر داوای بارزانی هاتۆتە کوردستانی باشور و یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی دامەزراندوەو کاری ڕۆژنامەوانیشی بۆ زۆربەی گۆڤارە کوردی و بیانیەکان کردووە بەداخەوە لە سالی ۱۹۹۲/٦ لە شاری بانیاس لە سوریا کۆچی دوایی کردووە ،.

# ساكينه جانسز



ساڵی ١٩٥٧ له شاری دێرسیم له بنەماڵه یەکی شۆڕشگێر و کورد پەروەر لەدایك بوه له ساڵی ١٩٧١ دەچێته ڕیزی تەڤگەری گەنجانی شۆڕشگێر پاشان له ڕیزەکانی کوردایه تیدا جێ دەگرێ له گروپی ئاپۆچیدا کارو چالاکیەکانی بەشێوەیەکی کپ و چالاك له ناو ڕێکخستنەکاندا ئەنجام ئەدا له ساڵی ١٩٧٨ دا کۆمیتەی ئاوادەکرێت خەباتی ڕێکخستنی گەنجان بەڕێوه دەبات و وه لەگەڵ دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو کەسێکی شۆڕشگێرو پرۆفشناڵ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر دەبێ به شداری یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی ( pkk) لەساڵی ١٩٧٨ دەبێت و له ساڵی ١٩٧٩ له شاری ئەلجەزیری دەچێته ڕیزی هەڤاڵەکانیەوه له ساڵی ١٩٨٠ له زیندانی ئامەد ئەشکەنجه و ئازار دەدرێ بەلام ئەو زۆر ژیرانه و ئازایانه بەرگری له ڕێبازەکەی دەکات بۆ ماوەی ١٠ سال زیندانی دەبێ سالی ١٩٩١ ئازاد دەکرێ دەچێتەوه شاخ و له ئەکادمیەی مەعسوم کۆرکماز دەورەی ئایدۆلۆژی و عەسکەری دەبینێ دواتر بەهۆی کار و چالاکییەکانی ڕوو له (سوریا، ئەوروپا، فەلەستین) دەکات وه له ئەوروپا درێژه به کار و چالاکییەکانی ئەدا به شێوەیەکی نەسرەوتن تا سه رکەوتن بەلام بەداخەوه له مانگی ٢٠١٣/٩ له پاریس له ئەنجامی هێرشێکی چەکداری به شێوەیەکی درندانه تیرۆر دەکرێت لەگەل ٢ له هاورێکانی به ناوەکانی (فیدان دۆغان، لەیلا سۆیلەمەز).

# مریەم خان



هونەرمەند مریەم محمد ئەحمد بۆتانی ناسراوە لەساڵی ١٩٠٤ لە گوندی دێر گوڵ ی جەزیرەو بۆتان لە کوردستانی باکور چاوی بە ژیان هەڵهێناوە هەر لەسەرەتای منداڵیەوە هەست وسۆز وبەهرەی هونەری تیا بەدی کراوە کە لە دیار بە کر ژیانی مناڵی بەسەر بردوە وە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جەنگی جیهانی یەکەم کوردستانی تورکیاش ئاڵۆز بوەو بۆیە خەڵکەکەی ڕوویان لە ناوچەکانی باشوری ڕۆژئاوا کوردستان کردوەو ئەمانیش بەرەو وڵاتی شام چوون و ملك و دێهاتەکانی خۆیان جێ هێشتوە وە لە ئاوارەی و نەبونی دا ژیانیان بە سەر بردوە ئەم هونەرمەندە دەنگ خۆش و ڕەسەنە سەرەتا بەرەو سوریا دەچێ و ماوەیەك لە دیمەشق دەژی و دواتر ڕوودەکاتە ناوچەی زاخۆ لە ساڵی ١٩٢٤ ئەم جارە بە هۆی ئەوەی خولیای هونەرو ئاوازی کورد بوە ڕودەکاتە ئیزگەی بەغدا و گۆرانیەکان تۆمار دەکا لە وێشەوە بە گوێی گوێگرەکان دەگات و لە بە غداش لە باب شەرقی نیشتە جێ دەبێ و ماڵێکی گونجاو دادەنێت و ژیانی تیا بەسەر دەباو لە ساڵی ١٩٢٠ چەند لاوکو بەستەیەك تۆمار دەکات بەشداری ئاهەنگەکانیش دەکات مریەم خان ساڵی١٩٤٩ بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندەوە کۆچی دوای دەکات.

# ژیلا حوسێنی



ئەو ژنە بەهرەمەند و خولقێنەر و دانسقە بوو کە بەهێز و توانای خۆی پێگەی بە هۆنراوەی جوان و ناسك و پاراوەکانی ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی ژنانی کوردستانی نیشان کۆمەڵگەی کوردەواری ئەدا و لە هەمان کاتیشدا لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و کورد پەروەر و ڕووناکبیر بوو کە لە سالی ١٩٦٤ لە شاری سەقزی ڕەنگین لە دایك بووە لە کوردستانی ڕۆژهەلأت کچێکی بزێو هەستیار بووە سودی لە کتێبخانەکەی باوکیشی وەرگرتووە و باوکیشی هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەری مناڵەکانی بووە ژیلا خان لە تەمەنی منالیدا هاوسەرگیری کرد بەلام بەهۆی کێشەی کۆمەلایەتی و نەگونجانیان وازیان لە یەکتری هێنا کچێکی بە ناوی بەهار لای مێردەکەی جێ ماوە و دووری و غوربەتی مناڵە خنجیلانەکەی وای لە ژیلا خان کردوە ،هە میشە لە ئازار و خەم و ژیانی بەسەر دەبرد و بەم هۆیەشەوە بەهار بووە، کاریگەر بۆ ڕێچکە کردن لە شعری کوردی و وە دوای ماوەیەکی تر هاوسەرگیری دووەمی ئەنجامدا و دوو منالی هەبوو بە ناوەکانی (ڕامین و ژینا) وە شعری بۆ

هەڵەبجەو منالاّن و ژنان نوسیوە و لەگەل چیرۆکیشدا ئاشنایەتی هەبوە و لە هەمان کاتیشدا خوێندنی دبلۆمی و زانستی و وێژەی تەواو کردووە دوو کتێبی بە چاپ گەیاندووە بە ناوەکانی  گەشەی ئەوین و قەلاّی ڕاز وە دەستی هەبووە لە وەرگێرانیشدا بەتایبەتی لە ڕۆماندا بەلام بەداخەوە مردن مەودای پێ نەدا درێژە بە کار و چالاییەکانی بدا و بەلام لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەدرەوشێتەوە وە لە ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کرد.

# کچی کا فرۆش



کیژەکەی کافرۆش (خەجیج ) بە مۆنالیزای کورد لە جوانیدا وەسف دەکرێ و ئاوێتەی بەستە و گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی بووە و بۆتە وێردی سەر زمانی گۆرانیبێژانی کورد کە لە جوانی و ڕۆمانسیدا هاوتا و وێنەی نەبووە هەربەهۆی ئەم جوانیەوە دەبێ ئەفسەرێکی ئینگلیز عاشقی دەبێ و دوای ئەوەی چەند جارێك داوای دەکا بەلام ماڵی باوکی ڕازی نابن ئەمیش بە ناچاری هەڵی دەگرێ و دەیڕفێنێ .... کیژەکەی کافرۆش ناوی (خەجیج جومعە مولود شکاك ) ١٩٢٢ لە شاری هەولێر لە دایك بووە باوکیشی کافرۆش بووە و بۆیە بە کچی کافرۆش ناوبانگی دەکردووە باوکیشی کەسێکی سەربازی بووە پێشتر دۆستی سمایل ئاغای سمکۆی شکاك بووە و دوای کوشتنی سمکۆی شکاك لەلایەن ئێران لە سالی ١٩٣٤ گوندی گەنگە چین کوردستانی ئێران بەجێ دەهێلێ و خۆی و کچ و کوڕەکەی لەگەل دوو کچی سمکۆی شکاك لە هەولێر دەگیرسێنەوە لە تەمەنی دوانزە سالیدا دەیفرێنن دوایش وێنەکەی بەهەموو کوردستان بلاّو دەبێتەوە وە هەمیشە حەزی لە  جلی سوری کوردەواری  شکاکی بووە و حەزی بە  ٢ جۆر خواردن کردووە کفتەی حەجەمی و گلدۆر کە خواردنێکە تێکەڵە لە ماست و برنج و گۆشت باوکیشی لەبەرئەوەی ئەفسەرێکی سەربازی گەورەی سمکۆی شکاك بووە لە داخا هەردوو چاوی کوێر دەبن ، بەلام کۆچی دوایی نەزانراوە دوای ئەوەی هەلیان گرتووە .

# مونیرە قەفتان



مونیرە سالح قەفتان یەکێکە لە ژنە بەهرەمەند و رۆشنبیرە دلسۆزەکانی گەلی کورد کە ل سالی ١٩٢١ لە سلێمانی لە دایك بووە و بەهۆی خۆشەویستی و دلسۆزی بۆ نیشتیمانەکەی نازناوی دایکی نیشتیمانی لێ نراوە و خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە و ئەندامیش بووە لە حیزبی هیوا کارەکانی بەشێوەیەکی چالاك و دلسۆزانە ڕاپەراندوە و یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی فریاکەوتنی هەژاران کە لە سالی ١٩٤٢ دامەزرا و دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد کە ئامانج لەم رێکخراوە وشیارکردنەوەو بوونی هەستی نەتەوایەتی و مافەکانی ئافرەتان و هاندانیان لە هەموو روویەکەوەبوو هەروەها کۆکردنەوەی کۆمەکیش بوو بۆ بۆ ماڵە هەژارەکان و نەهێشتنی نەخوێندەواریش ئەرکی سەرەکیان بوو وە لە ڕاپەرینی بەر دەرکی سەرا رۆڵی بەرچاویان بینی و سالی ١٩٥٩ بوە بەرپرسی لقی یەکێتی ئافرەتانی لقی سلێمانی وە لەناو باڵی مەکتەبی سیاسی بەشداری شۆرشی ئەیلولی کردووە تا ٢٠٠٩/٥/٢٩ کۆچی دوایی کردووە و لە سلێمانی نێژراوە .

# ناهیدە شێخ سەلام



ناهیدە شێخ سەلام لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کورد پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و بنەماڵەکەشیان بە خەبات و شۆڕشگێری بەناوبانگن لە پێناوی مافەکانی گەلی کوردا ناهیدە خان خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە هەر لە سەرەتای لاوێتیە وە هەست بە ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی دەکات بۆیە بە شێوەیەکی کپ و چالاك و دلسۆزانە خەباتی نهێنی بۆ گەلەکەی ئەنجام ئەدا کە جێگای متمانە و ڕێزی هەموو لایەك بووە و ڕۆلی گەورەشی بینیوە لە بلاو بوونەوەی خوێندەواری سرودی نیشتیمانی و یەکەمین باخچەی ساوایانی لە سلێمانی کردۆتەوە وە هەر لە تەمەنی لاوێتی تێکەل بە سیاسەت و خەبات و تێکۆشان بووە و سەرەتا ئەندامی دیاری حیزبی هیوا بووە و دواتر لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا یەکەم ئافرەتی کورد بووە لە سەردەمی خۆیدا کەپلەی گەیشتۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە و هەر خۆشی سەرپەرشتی کردووە دوای شۆرشی ١٤ ی تەمموز بە ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی عێراق هەلبژێردراوە بەهۆی کارو چالاکیەکانی لە ژیانی خۆیدا چەندین جار بۆ خوارووی عێراق گوازراوەتەوە بەلام ٢٠٠٦/١١/٢٨ کۆچی دوایی کردووە و لەگردی سەیوان نێژراوە .

# عايشه شان



عايشه شانی هونەرمەندو شاژنی مۆسیقای كوردی له سالی ۱۹۳۸ له بنەمالەیەكی هونەر پەروەر و دۆست له شاری دیاربەكر لەدایك بوه و هەمیشه مالْیان جمەی هاتووه به ئاواز و گۆرانی كوردی و عایشه شانیش لەم ڕێگایەوە خولیاو عەشقی هونەری كوردی گۆرانی وتنەوە بوەوله هەمان كاتیشدا ئاشنایەتی و شارەزایی له مۆسیقادا هەبووە، عایشه شان دەنگێكی زولاڵ و خۆش و غەمگینی هەبوو وه ناوەرۆكی گۆرانیەكانی كه لەپوری و رامیاری و كۆمەلأیەتی پێوه دیار بوەو سەرەرای شۆخ و شەنگی و جوانییەكەی هەیبوو ئەمەش ئەوەندەی تر دلگیر تری كردوو وه له سالی ۱۹۷۹ سەردانی هەولێر و دهۆك و بەغدای كرد و ئاشنایەتی لەگەلْ هونەرمەندانی تر پەیدا كردو چەندین گۆرانی و كۆنسێرت و كلیپی تۆماركردن بەلام ئەم هونەرمەنده دوای خزمەتێكی زۆر به هونەر و كه لەپوری كوردی له ۲۹ ی سەرماوەزی ۱۹۹٦ بەهۆی نەخۆشیەوە له شاری ئەزمیری توركیا كۆچی دوایی كرد.

# بەهیە مەعروف ئەحمەد



بەهیە مەعروف ئەحمەد بەرزنجی ساڵی ١٩٢٤ لە خێزانێکی دلسۆز و نیشتیمانپەروەر لە سلێمانی لە دایك بووە و هەر لە سەرەتای لاوێتی هەستی بە زوڵم و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلەکەی کردووە و بۆیە بە شێوەیەکی کارا و چالاکانە کار لەناو رێکخستنەکان دەکات لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامێکی چالاکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بوە وە خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە و یەکێك بوە لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە هەیکەلی رێکخستنیان داناوە لە دوای ساڵی ١٩٦٤ لەناو باڵی مەکتەبی سیاسی درێژەی بەکار و چالاکیەکانی داوە وە یەکێك بوە لە سالانی حەفتاکاندا قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کردۆتەوە و دواتر لە ڕاپەرین دەوری بەرچاوی هەبووە و دواتر کار و چالایەکانی لەناو یەکێتی ژناندا درێژەی پێداوە و یەکێك بووە لەوانەی کە هاوکاری و کۆمەکی بۆ هێزی پێشمەرگە کۆکردۆتەوە بەلام لە ٢٠٠٧/١/٩ کۆچی دوایی کردووە .

# لەیلا بەدرخان

لەیلا عبدالرزاق بەدرخان ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ لە دایك بوە لە بنەماڵەی بەدرخان لە ساڵی ١٩١٣ بریاری ڤرکردنی بنەماڵەی بەدرخانیەکان درا لەلایان دەوڵەتی عوسمانیەوە بۆیە بەناچاری خۆی و دایکی لە میصر گیرسانەوەو ژیانی منالی لە وێ بە سەر بردوە و دواتر چۆتە سویسرا خوێندویەتی و دواتریش لە ئەڵمانیا هونەری یاری بالەی تەواو کردوەو یە کەمین کچی کوردە لە بواری هونەری و بالەدا دەرکەوتو و یەکێکیشە لە ناسراوترین ژنە سەماکارەکانی جیهان وە هەر لە منالیەوە حەزو خولیای لە گۆڤەندو سەما بوە و لە ئەوروپا ئەم ئاواتەی هاتۆتە دی ، لە وڵاتی ئەوروپاش بۆ نمایش کردن دەورێکی بە رچاوی هەبوە و جێگای رەزامەندی ئەوروپیەکان بوەو ، وە هەروەها ئەمریکا وکەنداو زۆر وڵاتانی تریش بانگهێشیان کردوە بۆ سەماکردن، وەلەناوخەڵکی بیانی بە شازادەی کورد ناسراوە لە هونەری بالە و سەمادا وە باوکی لەیلا زۆر زوو کۆچی دوای کردوەو یەکەم سەرکردەی کوردیشە کە پیانۆی لە ماڵەوە هەبوە و لەیلاش کچێکی ڕوناکبیرو چیرۆك زان بوە زۆر حەزی لە خوێندنەوەی مێژوو بوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئاینی زەردەشت هیندو ئاینیە کۆنەکانی ئێران و میسر و رۆژهەڵات کردوە لە ئەرشیفەکانی جیهان پڕن لە وێنەی لەیلای بەدرخان کە ناسنامەی گەلی کوردی پێوە دیارە و لە ساڵی ١٩٨٦ لە پاریس پایتەختی فەرەنسا کۆچی دوا ی کردوە.

# خانزادی میری سۆران



میرنشینی سۆران له سەرەتای سەدەی پانزەهەمی زاینی دامەزراوە ٢٤ میر فەرمان ڕەوای هەبوە و یەکێکیان خانزادی سۆران بوە کچی شاقوڵی بەگی سلێمان بەگی میر سەید بەگی سۆران بوە له ساڵەکانی ناوەراستی سەدەی شانزەهەم له دایك بوەو له کۆتای هەمان سەدە له ١٥٩٧ ماڵئاوای له ژیان کردوە دوای ئەوەی میر سلێمان بەگی برای به پیلانێك له ١٥٩٠ لەلایەن فەرمانرەوای بەغداوە دەکوژرێ و خانزاد خان له ماوەی ٧ ساڵی تەمەنی میرنیشینەکەی کردوە و چالاکانه ئەرکەکانی ڕاپەراندوە توانی به پیلانێکی ژیرو هۆشیارانه تۆڵەی براکەی بکاتەوە و بکوژەکان بگیرێت و بیان کوژێتەوە، وە زۆر شوێن هەیه تاکو ئێستا هەربەناوی خانزادەوەن وەکو ( پرد، مزگەوت،کۆشك،هاوینه هەوار) و لوتکەی هەندێك چیا... وە خانزاد کچێکی رۆشنبیرو زانیاری ورد بوە و له شەڕیشدا ڕاستەوخۆ به شداری و سەرکردایەتی شەڕی کردوەو ، خانزاد ژنێکی باڵا بەرزو قژ ڕەش و جوان بوە سیمای سوار چاکی هەبوە و چالاك و ئازابوە وهەمیشه له ڕیزەکانی پێشەوەی جەنگ دابوە .

# قەدەم خێر



لە ساڵی ١٩٢٥ ڕەزا شای پەهلەوی بە ناحەق و فرتوو فێڵ شامرادخانی برای قەدەم خێری کوشت کە دوا میری لوری بوو ئەمەش رق و تۆڵەی قەدەم خێر بە هێز کردوە داوای لە کوردە فەیلیەکان و لورەکان کرد کە هاوکاری بکەن بۆ شۆرش و راپەرین دژی پە هلەویەکان چیا سەر کەشەکانی لوڕستانیشی کردە بنکەو بارەگای شۆرشگێرەکان و توانیان زەبری کاریگەر لە دوژمن بدەن و هێرشەکانیان پوچەڵ بکەنەوە بۆیە بە ناچاری حوکمەتی پەهلەوی وەفدێکی ناردە لای قەدەم خێرو مادەیەکی زۆر زێڕیان بە دیاری بۆ بردبوو بە ڵینیشیان پێ دابوو کە لێبوردنی گشتی دەربکا پەهلەوی بە وەفدەکەی ڕاگەیاند بوو کە شوی پێ بکات بەڵام قەدەم خێر هەموی ڕەت کردەوە درێژەی دا بە خەبات بەڵام ئەمجارە پەهلەویەکان لە ژێر پەردەی هەستی ئاینی دا بە فرت و فێڵ وەفدێکی تری ناردە لایان و قورئانی بە دیاری بۆ نارد بون وە سوێندی خوارد بوو کە هەموو شتێك جێ بە جێ دەکا ئەمانیش باوەڕیان کردو چون بە دەم بانگەوازەکەوە و پەهلەویەکان هەر لە یەکەم شەودا زۆربەی شۆڕشگێرەکانیان کوشتن و قەدەم خێر و ١٧ سەرکردەی تریان بردن بۆ تاران ئەمانیشیان لە ناو برد و قەدەم خێریان بە پرچەکانیەوە بە دوای وڵاخدا راکێشا هەتا گیانی لە دەست دا.

# شەفیقە سەعید



لە ساڵی ١٩١٨ لە سلێمانی لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایك بوە و سەرەتا لە حوجرە خوێندویەتی و دواتر توانیویەتی خانەی مامۆستایان بە پلەیەکی باش تەواو بکا بە پیشەی مامۆستایەوە خەریك بوە خزمەتێکی زۆری گەیاندوە لە رووی ( خوێندن، پەروەردە کردن) و یەکێك بوە لە موفتیشەکانی سلێمانی هەروەها لەگەڵ حەپسە خانی نەقیبیش ئەندامی لیژنەی کۆکردنەوەی هاوکاری بوە بۆ ماڵە هەژارو کەم دەرامەتەکان و لە هەمان کاتیشدا یەکێك بوە لە ئەندامە کپ چالاکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خەباتی ژێر زەمینی دەکرد لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە ناو ئافرەتی کوردستاندا و دواتر لە پاڵ مە کتەبی سیاسی درێژەی بە کارو چالاکیەکانی خۆی دا لە ٢٠٠٠/١/١٦ کۆچی دوای کرد٠

# درەخشان شێخ جەلالی حەفید



لە ساڵی ١٩٣٤/١٢/٢٦ لەگەڕەکی کانیە سکانی شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر و رۆشنبیر چاوی بە ژیان هەڵهێناوەو هەر لە سەرەتای گەنجیەتی خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی لا دروست بوەو وەکو مامۆستایەکی مێژوو وانەی مێژوو کوردایەتی تێکەڵ بە یەك کردوە و پەروەردەی قوتابیە کانی پێ کردوە ، وە لە بۆنە و ڕاپەرین و خۆپیشاندانەکاندا دەوری بەرچاو دیاری هەبوە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یە کێتی ئافرەتان بوە لە ناو پارتی دیمکراتی کوردستاندا و لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامێکی کارای یەکێتی قوتابیان بوەو وە دواتر لە پاڵی مەکتەبی سیاسیدا درێژەی بە کارو چالاکیەکانی خۆی داوەو چەندین نوسینی بڵاوکردۆتەوە هەر بەم هۆیەشەوە دووجار حوکمی گرتنی بۆ دەردەچێت بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك لە کۆت و زنجیر باکی نەبوو لە خەبات هەر بەردەوام بوو تا لە ساڵی ٢٠١٠/١١/٤ لەشاری سلێمانی کۆچی دوای کردوە٠

# روناك رەئوف سەعيد



روناك رەئوف سەعيد بەگی سلێمان بەگی خەندان ( غواص) لە ساڵی ١٩٤٢ لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو کورد پەروەر لە دایك بووەو خوێندنی سەرەتای لە هەڵەبجە تەواو دەكات دواتر ڕوو لە شاری هەڵمەت و قوربانی دەكات و بۆ درێژەدان بە خوێندن وە هەر لە وێشەوە تێکەڵاوی کارو خەبات و چالاکی سیاسی دەبێت لە ڕیزەکانی یەکێتی ئافرەتان دواتر لە پاڵ مەکتەبی سیاسی درێژە بە کاری سیاسی خۆی ئەدا لە ساڵی ١٩٩١ درێژە بە کارو چالاکیەکانی ئەدا لە ناو یەکێتی ژنانی کوردستاندا وەکو ئەندامی سکرتارێتی ژنان و دواتر دەبێتە بەرپرسی سەنتەری ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان وەکو ژنێکی لێهاتو هەمیشە خاوەنی ڕەخنەو پێشنیارو پرسیار بووەو لە هەمان کاتیشدا چەندین نوسینی جۆراو جۆریشی هەبووەو ژنێکی بە ئەمەك و خاوەن هەڵوێست بوە لە سەر ژنان بەڵام بە داخەوە لە ٢٠١٢/٦/١٣ کۆچی دوای کردوە ٠

# فەتانە وەلیدی

## ١٩٥٣ _ ٢٠١٠ سنە



یەکێکە لەو دەنگە ناسک و ڕەسەنانەی گەلی کورد کە لە هونەری کوردیدا جێگای خۆی گرتوەو بە دەنگە خۆش و زوڵاڵەکەی جە ماوەرەکەی شێت و شەیدای دەنگی بون و (فەتانە) ژنێکی ڕۆشینبیرو دەنگێکی خۆشی هەبوەو توانی خزمەتێکی زۆر بە هونەری کوردی بکا لە بەرئەوەی دەنگێکی تایبەت بە خۆی هەبوو لە هەمان کاتیشدا کەسایەتیەکی دیار بوو، بەڵام مەرگی ناوەختی دایکی بوە هۆی هەژانێکی گەورە بۆی و نەیتوانی درێژە بە کاروانی هونەری بدات و دوای خۆیشی ٦٠ گۆرانی جۆراو جۆری لە دوا بە جێماوە تا وەکو لە تەمەنی ٥٧ساڵیدا کۆچی دوای کرد لە ساڵی ٢٠١٠ لە شاری سنە بە خاك سپێردراوە ٠

# روناك عبدالله محمد زوهری



لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێرو کورد پەروەر لە دایك بووە و هەر لەتەمەنی لاوێتی وە خولیاو عەشقی خاکی کوردستانەکەی لە دڵیدا چەکەرەی کرد و بووە یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کپ و چالاکانە ئەرکەکانی ڕائەپەڕاند و لە هەمان کاتیشدا توانی ببێتە مامۆستای ئینگلیزی و دەورێکی بالآ و کاریگەری هەبوو، لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی ژنانی کوردستاندا و بەشداری کۆبونەوەی فراوانی مامۆستایانی کردووەو وەکو دەستەی دامەزرێنەر و بە نهێنیش بەشداری یەکەمین کۆنگرەی ئافرەتانی کوردستانی کردووە لە سالی ١٩٦٤ دەچێتە پاڵ مەکتەبی سیاسی و درێژە بە کار و چالاکیەکانی دەدات تاوەکو بەهۆی نەخۆشیەوە لە ١٩٦٧/٣/٣١ کۆچی دوایی دەکات.

# حه بیٚ خان



حەبیٚ خان کریم یەکێکە لە ئافرەتە تێکۆشەر و بلیمەتەکانی گەلی کورد و لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لەسالی ١٩٢٧ لەکەلاری کۆندا چاوی بەسروشت و ژیانی کوردستان هەڵهێناوەو باوکی سەرۆکی خێڵی جاف بووەو داب و نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان شارەزا بووە و بە منالیش لەسەر داوای باوکی دەچێتە بەر خوێندن و یەکەم کچی کورد بووە لە سنوری ناوچەکەی خۆیدا. کە لەگەل کوڕاندا خوێندوویەتی و ژنێکی سوار چاك و تیر هاوێژێکی باش و شۆخ و شەنگێکی باش ناو دەردەکا و هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە شەیدای ڕێبازی کوردایەتی دەبێت و هەرچی جل و زێر و پارەی هەیبووە بەخشیویەتی بە حیزبی هیوا دواتر حەبیٚ خان دەچێتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و درێژە بە کارو چالاکیەکانی دەدات لە پێناو گەلی کوردا وە مێردەکەشی لە شۆرشی ئەیلولدا پێشمەرگە دەبیٚ و بەم هۆیەوە حەبیٚ خان ڕووبەرووی لێپرسینەوە دەبیٚ لەلایەن دوژمنەوە بەلاٚم بەخۆڕاگری خۆی و پیاو چاکان لەمەش ڕزگاری دەبیٚ و درێژە بەخەبات ئەدا و لەهەمان کاتیشدا زۆر ئەدەب دۆست و خۆشی لەهۆنراوە هاتووە و کۆمەڵێك هۆنراوەی نیشتیمانی و کۆمەلاٚیەتی هەیە و بەداخەوە زۆر لە شعرەکانی بزربوون و بەلاٚم بەهۆی براکەیەوە کۆمەڵێك لە هۆنراوەکانی لە دیوانێکی قەشەنگدا سالی ١٩٩٠ چاپ کراوە بەلاٚم بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٧/٧/١١ کۆچی دوایی کرد.

# سەڵتەنە رەشیدی




شەهید سەڵتەنە کچی حاجی مارف رەشیدی لە سالی ١٩٦٨ لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و کورد پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە لە گوندی (مەرخوز)ی شاری سەقز هەر لە سەرەتای گەنجێتی هەستی بە ئێش و ئازاری گەلەکەی کردووە و بۆیە هەر زوو لە ڕێکخستنەکانی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکەوێتە کارو چالاکیەوە دەورێکی کاراو ژیرانە دەبینێ و کپ و چالاکانە درێژە بە خەبات ئەداو لاوان و ژنان هان ئەدا بۆ خوێندن و خەبات کردن بۆیە دوژمن هەمیشە بەدوویەوە بووە و گرتوویانەو لە زینداندا ئازار و ئەشکەنجەیان داوەو بەڵام ورەی سەڵتەنە وەکو چیاکان بەرزبوەو دوژمن نەیتوانیوە نهێنیەکانی لێ دەربهێنێ و شەهید سەلتەنە ژنێکی ناودار و کەسایەتییەکی کۆمەلایەتی بە هێزبوو لە سنورەکەی خۆیدا و بەر لەشەهید بوونی پلەی ئەندامی محەلی ناوچە بوو لەناو حیزبی دیموکراتدا بەڵام بەداخەوە سەرەرای ئازایەتی و بوێری دوای دوو ساڵ نەخۆشی بە جوانە مەرگی لە سالی ١٩٩٥ کۆچی دوایی دەکا.

# زیبا خان



زیبا کریم یەکێکە لە ئافرەتە ناودارو دیارەکانی گەلی کورد و ئێلی جاف و گەلی کورد شانازی بە هەڵوێست و ڕەوشت و ناوداریەتی ئەم ژنەوە دەکا، کە لە یادو بیرەوەری گەرمیاندا شوێنی خۆی کردۆتەوەو لە ساڵی ١٩٢٣ لە کەلار لە دایك بوەو خاوەنی پەروەردەی بنەماڵەکەی خۆی و باوکی بوە، وەکو ( دلێری، جوامێری، بەخشندەی، میهرەبانی، دڵپاکی، خزمەتگواری، دادپەروەری) وە زیبا خان بوە هاوسەری نوسەرو تێکۆشەر حەمە سەعید بەگی ئامۆزای بەم هۆیەشەوە زیاتر ناودارو ڕۆشینبیر تر دەرکەوت و بۆ ئەوەی خزمەتی وڵاتەکەی بکات و لەم پێناوەشدا تاڵی و ناخۆشی و ئاوارەی زۆری چەشت بەڵام لەپێناوی سەرکەوتنی گەلەکەی دا هەموو شتێکی لا ئاسان بوە ، ئەم خاتونە زۆر میهرەبان و دڵفراوان بوو هەمیشە لە خزمەتی هەژاراندا کاری دەکردو ، دواتریش بە ئاوارەی روویان لە ئێران کردو لە وێش هەمان هەڵوێست و بۆچونی هەبوو، وە ماڵ و سامانەکەی بۆ گەلەکەی کرد بوو بە داخەوە لە ساڵی ١٩٧٤/٤/٢٦ دڵی لەلێدان دەکەوێت و تەرمەکەی لە گۆرستانی (بەهەشتی زەهرا) لە تاران دەنێژرێت.

# عەزیمە عوسمانی



شەهید عەزیمە عوسمانی کچی حسێن لە ساڵی ١٩٦٤ لەبنەماڵەیەکی هەژاری ئاین پەروەرو بنکەو لانەی کوردایەتی پەروەردە کراو لە ئاوایی خەلیفەلیانی ناوچەی سندوسی نەغەدە چاوی بە ژیان هەڵهێناوەو هەر لە مناڵیەوە هەستی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلەکەی کاری تێ کردوە و تە نها خوێندنی سەرەتای تەواو کردوە بەڵام سروشت و شاخ و پێشمەرگە بۆ ئەو دەبنە وانە و مامۆستا بۆیە خەبات دەکات لە پێناوی گەلەکەی و مافەکانی ژناندا بە شێوەیەکی نهێنی و سەرکەوتوانە و ساڵی ١٩٨٩ لە ناو حیزبی دیموکراتی ئێران دەبێە پێشمەرگە و چالاکانە کارەکانی ئەنجام ئەدا و لە مەڵبەندی سپی سەنگ دەست و داوێنی پاکی عەزیمە خان مایەی خۆشحاڵی هاورێکانی دەبێ بە ڵام بە داخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کەم دەبێ و لە گەشتێکی سیاسیدا دەکەوێتە بۆسی دوژمن لە ساڵی ١٩٩٠ لە ناوچەی لاجانی پیران شەهر لە ئاوایی خوربینج شەهید دەبێت تەرمەکەشی دەکەوێتە دەستی دوژمنەوە .



# ئایشە گوڵ

ئایشە قادر یونس ساڵی ١٩٣١ لە شاری کۆیەی حاجی قادر و خەبات و شەهیدانی ڕاپەڕین لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەرچاوی بە ژیان هەڵهێناوە هەر لە سەرەتای لاویەتیەوە هەستی چینایەتی نیشتیمانەکەی کاری تێکردوە بۆیە هەر زوو وەکو نمونەی کار ئەکتەرێکی چالاك خەبات و تێکۆشانی خۆی بە نیهێنی لە حیزبی شوعی بە شێوەیەکی کپ و چالاکانە لە ناو شاردا ئەنجام داوە وجێگەی ڕێزو متمانەی هاوڕێکانی دەبێت لە هەمان کاتیشدا پردی پەیوەندی ڕێکخستنی شاخ و شار دەبێ و نمونەی ئافرەتی دڵسۆزو ڕەوشت بەرزو خۆنەویست ئەبێ بۆ گەلەکەی و نەوەکانیشی بە شیری کوردایەتی و پێشمەرگایەتی پەروەردە ئەکاو خاوەنی شەهیدانی سەرکردەی وەکو محمد عەلاق و بەشدار ئەبێ و کە نمونەی ئازایەتی و بوێری و شاخ و شار دەبن و دۆست و دوژمن شاهێدی ئازایەتیان بۆ ئەدا و ئایشە گوڵ بە دایکی پێشمەرگە ناسراوەو لە شاخ .. ژیانیان بە خێزانەوەلەچیا بە سەر بردوە بەڵام جێگەی داخە ئایشە گوڵ لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ و بە ڵام زیندان بۆی دەبێتە قوتابخانەو بەرخودان و دوژمن پەی بە نیهێنیەکانی ناباو سەرەڕای ئەشکەنجەو ئازار چونکە بیرو باوەری شوعیەت فێری کرد بوو کە شوعیەت لە سێدارە بەرز ترەو لە

**مردن به هێزتره بۆیه دوژمن له ئاست ورەی بەرزی ئەو دا چۆکی دا دابوو بۆیه به ناچاری له ١٩٨٨/٨/١٦ دوای شەش مانگ له دەستگیر کردنی له ئەمنی شیمالی گوله باران کراو له ساڵی ١٩٩١ تەرمی خۆی و کوڕەکەی بەشدار له گۆرستانی معمل قیر دەدۆزێتەوە.**

# زیلان




ناوی زەینەب کناجیە لە خێزانێکی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر لە ساڵی ١٩٧٢ لە ناوەندی شاری مەلاتیا لە دایك بووە و دەرچووی زانکۆیە و بەشی شێوەر مەندی ڕێنوێنی دەروونی تەواو کردووە و لە هەمان کاتیشدا وەك تەکنیکاری بەشی پشکنینی تیشك لە نەخۆشخانەی گشتی مەلەتی کاری کردووە و هەر لەو بەشەی خۆی لەگەڵ هەڤاڵەکیدا کە خەڵکی خلیای سەر بە ناوچەی ئەبیلی شاری ئامەدە ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێ و هەر لەسەرەتای لاویتیەوە هەستی چینایەتی و نەتەوایەتی بەهێز دەبێ و عاشقی خاك و چیا و دۆڵ و پێشمەرگەی وڵاتەکەی دەبێت و بۆیە لەناو شاردا دەورێکی بەرچاو گرینگ دەبینێ لە کۆکردنەوەی ڕێکخستنەوەی هەڤاڵانی بۆ ڕیزەکانی کوردایەتی و وەهەر لە سەرەتاوە عاشقی بیر و هزری چەپ و کوردایەتی و ئایدۆلۆژیای پەکەکە بووە و لە سالی ١٩٩٥ دەچێتە ریزی گەریلاکانی پەکەکە و بەکردەوە و دسپلین ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێ و نمونەی ڕێز و خۆشەویستی ولێهاتووی کەم ژیان و کەڵ ژیان بووە لە خەباتی چەکداری شاخدا. وە ڕێبەر ئاپۆ دەربارەی زیلان دەڵێ (زیلان مانیفستۆی ژیانە و چالاکی و

هەڵسەنگاندنەکانی لە چالاکیەکانی من گەورەترە ) بۆیە زیلان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی و گەلی کورد لەچالاکیەکانی کەم وێنەی و داستانی کەڵە ژنی ناو فلیمەکان یانی خۆی بەشێوەیەکی فیداییانە کردە قوریانی کەنمونەیان لە واقیعدا زۆر کەمە و لە خەیاڵ و ئەفسانەدا زۆرە کە توانی خۆی لەناو مۆڵگەیەکی گەورەیی تورکەکاندا بتەقێنێتەوە و مۆڵگەکەش خاپور بکاو خۆیشی وەکو ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی کوردا بنوسرێتەوە ببێتە سەروێردی قوتابخانەی کوردایەتی لەسالی ١٩٩٦/٦/٢٩ لەشاری دێرسیم لەم چالاکییە کەم وێنەو پڕ نەبەردییە ببێتە پارچە پارچە بۆهەر ٤ پارچەی کوردستان و دوای خۆیشی وەسیەتی درێژە دان بە خەباتی بۆ هەڤاڵاکانی کردووە تادەگەنە ئامانجەکانی سەرکەوتن .

# ڤیان




لەیلا والی حوسێن ناسراو بە (ڤیان ، ڤیان کارۆخ ، ڤیان سۆران ) سالی ١٩٨١ لەشاری سلێمانی مەکۆی بیرو باوەڕی کوردایەتی و سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕین لە خێزانێکی دڵسۆز و کوردستانی پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و هەمیشە بە پلەی یەکەم دەرچووە بەلاّم ڤیان هەر لەسەرەتاوە هەستی چینایەتی و نیشتیمانەکەی بۆی بوە گەورەترین قوتابخانە و تێکۆشان بۆیە لە سالی ١٩٩٧ لەناو پەکەکەدا درێژە بە کار و چالاکیەکانی ئەدا و نمونەی ئازایەتی و خۆڕاگری و دسپلین و ئیلتزام دەبێ و بەشداری و فەرماندەو سەرکردەی شەڕ و داستانی نیشتیمانەکەی دەبێ و سەرەتا وەکو کادیرێکی لاوو وشیار دەبێ و دواتر فەرماندەو سەرکردەی داستان و نە بەردییەکان و دەبێ و بەشداری کۆنفراسی ڕۆژهەلاّتی ناوین لە سالی ١٩٩٨ دەبێ زۆر باوەڕی بە خەبات کردن دەبێ و بۆ هەر ٤ پارچەکەی و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (بزاڤی چارەسەری دیموکراتی) دەبێ و لە سالی ٢٠٠٢ دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێری و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەر و لە هەمان کاتیشدا وەکو

نوسەرێکی بەتوانا و لێهاتوو دێتە مەیدانەکە و هەمیشە خاوەن هەڵوێست و ڕەخنە و داهێنان بووە لەکارەکانی داو ویستویەتی تیۆر و پراکتیك هەمیشە تەواوکەری یەکتر بن و لەپێشەوەی پێشەنگی دابن و لە سالی ۲۰۰۳ وەك ئەندامی دەستەی گشتی بەشداری دامەزراندنی کۆنگرەی گەل دەکا و وە لەسەر داوای خۆی بەشداری شەڕەکانی هێزی پاراستنی گەل دەکا و وەکو فەرماندەو سەرکردەیەکی خۆنەویست و بە وەفا و دڵسۆز و بۆ گەلەکەی دەیان جار لە دەمی مەرگ دەگەڕێتەوە و کام کارە قورس و وەك پۆڵایە لای ئاسان بووە بە ورەو خۆڕاگرییەوە لە ۲۰۰٦/۲/۲ لەچیای حەفتانین بۆ شەرمەزارکردنی گەلە کۆمەکی نێودەوڵەتی دژی ئاپۆ بە دروشمی (سەر لە نویێ واتادان بە گوتەکانمان ) گڕ لە جەستەی خۆی بەردەدا و پیلانی دوژمنان لەگۆر دەنێ و.میژوو بەئاگروڕوناکی بۆنەوەکانی بەرخودان دەنوسێتەوە

# شیرین ئەلەموی



لە ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی دیمقشلاقی سەر بە شاری ماکۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران چاوی بە ژیان هەڵهێناوەو هەر لەگەڵ گەورە بوونی هەستی چینایەتی و نیشتیمانی لا دروست دەبێ و بۆیە وەکو کورد پەروەرێك هەمیشە حەز بەژیانی ئازادی گەلەکەی دەکاو لەم پێناوەشدا خەبات دەکاو دەوری جوامێرانەی دەبێ لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی شانە نیهێنیەکان دژی داگیر کەران وە لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ درێژەدان بە خەبات روو لە چیاکان دەکا لە ناو پژاکدا و جێگای ڕێزو خۆشەویستی ناو خەڵك و هاوڕێکانی دەبێ و کەسێکی چالاك و کەم هاوتا دەبێ لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا وە لە ٢٠٠٨/٥/٢٦ لە دژی سوپای ئێران لە ناو فرۆکەخانەی تهران ئەنجام دەداو بەڵام بە داخەوە لە٢٠١٠/٥/٩ دوای گەرانەوەی دەستگیر دەکرێ و لە گەڵ چوار هەڤاڵی تری لە سێدارە دەدرێ بە بەر چاوی خەڵکەوە بەڵام بوێری و چاو نەترسی شیرین لە بەردەم پەتی سێدارەدا سروودی ئەی رەقیب سەروێردی زمانی دەبێ.

# حەمدیە قاپان

ساڵی ١٩٧٢ لە چەلێ لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە و هەر لە سەرەتای تەمەنی کچیەتیەوە بڕیاری داوە کە خۆشەویستی بۆ خاك و گەلەکەی لە سەروی هەموشتێکەوە بێ . بۆیە بە شێوەیەکی کپ و چالاکانە کاری کردوە لە ناو ڕێکخستنەکان و دواتر بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان ساڵی ١٩٩٣ لە ناو ریزەکانی پەکەکە دەبێتە پێشمەرگە و دەوری چالاك و کاریگەرانە دەبینێ لە خەبات و تێکۆشاندا و بە شداری سەرجەم شەڕەکانی سنوری ناوچەکەی دەکات حەمدیە کە ناوی نیهێنی بەرواری ئامەد بوو نمونەی ئافرەتی خۆڕاگرو بە رخودان بوە لە ناو هە ڤاڵەکانی دا . وەهەرگیز سڵی لە تۆپ وتانك شەوە زەنگەنەکان نەکردۆتەوەو ، هەمیشە هەڤاڵەکانی هان ئەدا بۆ خۆراگری و تێکۆشان لە ساڵی ١٩٩٨/١١/٢٤ لە چالاکیەکی کەم وێنە و گیانبازی دا لە وان شەهید دەبێ.

# حيفا محمد

ساڵی ١٩٨١ له بنەماڵەیەکی شۆرشگێرو کورد پەروەر چاوی بە ژیان هە ڵهێناوە لە بازاری ئەفرین رۆژ ئاوای کوردستان هەر لە تەمەنی لاویەوە هەستی چینایەتی و نەتەوایەتی و بۆ گەلەکەی کاری تێ کردوە و پلەی خوێندنیشی تا ناوەندی خوێندوە و بەڵام بە هۆی خۆشەویستی بۆ گەلەکەی ساڵی١٩٩٨ بۆتە پێشمەرگەی پەکەکە ناسراوە بە ئادار ڕۆژ لە ناوچەکانی سنوری بۆتان درێژەی بە کارو چالاکیەکانی خۆی داوە نمونەی پێشمەرگەی چالاك و دڵسۆز ئەرکەکانی ڕاپەراندوە جێی متمانەی هاورێکانی بوە وچەندین جار لە مەرگ دەگەڕێتەوە تاوەکو لە ڕۆژی ١١ نیسانی ساڵی ٢٠٠٦ لە ناوچەی بۆتان هەرێمی بەستا کە هێزەکان تورکەکان هێرش دەکەن ئەو شەهید دەبێ.

# جەنەت دێریلێك

ساڵی ١٩٣٧ لە بنەماڵەیەكی پاك و دڵسۆز و وڵاتپارێز لە پازار جك مەرەش چاوی بە ژیان هەڵهێناوە هەر لەسەرەتای تەمەنی لاویەتییەوە هەستی زوڵم و زۆری داگیركەران كاری تێ دەكاو بۆیە بڕیا ئەدا ژیان و گوزەران و لاوێتی خۆی بۆ نیشتیمانەكەی تەرخان بكا بۆیە سەرەتا لە ڕێكخستنی نهێنی دەست بە كارەكانی دەكا بەشێوەیەكی كپ و چالاكانە و دواتر لە ساڵی ١٩٩٣ لە ئەڵمانیا بەشداری ڕاستە و خۆی كارەكانی پەكەكە دەبێ و ناوی نهێنیشی (نوجان نورهاقە ) بوو هەر لەوێشەوە بۆ ئەوەی بە پراكتیك بەشداری كار و چالاكیەكانی شاخ بكا و خۆشی وڵاتی ئەڵمانیا بەجێ دەهێڵێ  لە چیاكانی باكوری كوردستان درێژە بە كار و چالاكیەكانی دەدا و نمونەی ئافرەتی لێهاتوو  خاوەن دسپلین و ئیلتزام بووە و یەكێك بووە لە ئافرەتە چاو نەترسەكان و چەندین جار لە دەمی مەرگ گەڕایەوە تا ساڵی ٢٠٠٥/٨/٢٥ لە باتمان شەهید دەبێ .

# نەزاهەت

نەزاهەت بۆ بلاجی ناسراو بە شەهرستان ساڵی ١٩٧٣ لە جزرە لە خێزانێکی دڵسۆز و گەل پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە و نەزاهەت خان هەروەکو هاوڕێ شەهیدەکانی تری بڕیار ئەدا دڵداری لەگەڵ خاك و نیشتیمانەکەی دا بکا ویان سەرئەکەوێ یا شەهادەت بۆیە هەر لە سەرەتای گەنجیەوە لە ڕێکخستنە نهێنیەکان بەشێوەیەکی کپ و چالاك ئەرکەکانی ڕائەپەڕێنێ و دواتر بۆ درێژە دان بە خەباتی چەکداری وگەریلای ساڵی ١٩٩١ لەڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێتە پێشمەرگەیەکی جدی و دڵسۆز و بۆ درێژە دان بە ڕێبازی شەهیدەکان و نمونەی ئافرەتی چەلەنگ و کەم هاوتا بووە لە شەڕو چالاکیەکان لەگەڵ دوژندا نەی ئەزانی ترس و گولله چیە و دوای دەیان نەبەرد و چالاکی و خۆنەویستی لەپێناوی گەلەکەی ساڵی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩٨ لە باکوری کوردستان شەهید دەبێ.

# ئایفەر




ئایفەر سەراج ناسراوە بە شیلان ئاراس لە ساڵی ١٩٧٤ لە ئورفا وێرانشەهر لەخێزانێکی نیشتیمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە هەر لە سەرەتای تەمەنی خولیای عەشقی نیشتیمانەکەی بووە بۆیە زۆر نەترسانە خەباتی ژیانی دەست پێکردووە و ساڵی ١٩٩٨ لە سنوری ناوچەی ئورفا دەچێتە ڕیزی گەریلاکانی پارتی کرێکارانەوە و دڵسۆز و چالاکانە ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێ درِ بە شەوە زەنگەنەکان دەکا و زۆر چالاك و خۆنەویستانە بەشداری سەرجەم کار و چالاکیەکانی سنورەکەی دەکا و نمونەی ئافرەتی وشیار و خۆڕاگر دەبێ لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا و درێژە بە خەباتی خۆی ئەدا تاوەکو لە ١٩ی تەمموزی ٢٠٠٦ لە کێلە ڕەش دوای گیان فیدایەکی زۆر شەهید دەبێ.

# سەلامەت ( کوردێ )

سەلامەت مەنتەش ناسراو بە کوردێ ساڵی ١٩٧٥ لە (گەنج) لە خێزانێکی هەژار و نیشتیمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوەو هەر لە سەرەتای لاویەوە هەستی دڵسۆزی وخۆنەویستی بۆ گەل و خاکەکەی لە لا گەڵاڵە بوەو بۆیە هەر زوو لە ناو شانە نهێنیەکانی رێکخستنی پارتی کرێکارانی کوردستان درێژە بە خەبات و تێکۆشان ئەدا ، وەکو کەسێکی ئەکتیف و نەترس لە کۆکردنەوەو وشیار کردنەوەی ژنان رۆڵی باڵا دەبینێ و دوژمن لە ترسی جموجۆڵ و چالاکیەکانی کوردێ خان دەکەوێتە گرتنی و بەڵام زیندان بۆی ئەبێتە قوتابخانەو وە بۆ پیرۆز کردنی جەژنی نەورۆزی ١٩٩٨ لە ناو زیندانی میدیات ئاگر لە جەستەی خۆی بەر ئەداو بە دوژمنان ئەسەلمێنێ کە کورد ئەگاتە ئامانجەکانی خۆی ئەمرۆ بێ یان سبەی دواجاریش شەهید دەبێ.

# ئاینور ڕۆتیندا



ئاینور ئارتان ناسراوە بە ڕۆتیندا لە ئەلئەزیز_جاسڵان_چەولك لە خێزانێكی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر چاوی بە دیمەنەكانی كوردستان هەڵهێناوەو لەگەڵ گەورە بونیدا هەستی چینایەتی و نیشتیمانی لا گەڵاڵە دەبێ و بۆیە هەموو هەست و هۆش و بیری هەرلای نیشتیمانەكەی دەبێ و زۆر ئازایانە لە ساڵی ١٩٩٢ بەشداری ڕیزەكانی پەكەكە دەبێ و ئامادەی گیانبازی و فیداكاری دەبێ و شوێن پەنجەی دیار دەبێ لە بواری كارو خەباتدا هەمیشە خۆشەویستی هاوڕێكانی دەبێ تا ساڵی ١٩٩٨ لە دژی پیلان گێرانی فاشی تورك و بۆ پیرۆزكردنی جەژنی نەورۆز لە زیندانی فاشیە توركەكان لە میدیات ئاگر لە جەستەی خۆی بەر ئەدا و ئەبێتە نمونەی ئافرەتی ئازادی هێنەر بۆ دوا رۆژی گەلی كورد.

# لەیلا شانلی



ناسراو بە بێریتان هێڤی ساڵی ١٩٧٨ لە ناوچەی شەمزینا لە خێزانێکی کورد پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە و هەمیشە خەونی هێنانەدی گەلەکەی لە هەموو شتێك لا گەورەترو پیرۆزتر بوەو هەر بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی ١٩٩٣ هەر لە شەمزینا بەشداری کاری سیاسی و چەکداری گەریلاکانی پەکەکە دەبێ و نمونەی ژنی ئازاو دیاری ناو فەرماندەکەی خۆی دەبێ هەر بەهۆی ئەم ئازایەتی و خۆڕاگریەوە دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی هێزی لەشکری گەریلاکانی ژن و بەشداری دەیان چالاکی و داستان و نەبەردی دەستەو یەخەبوە لەگەڵ دوژمن تاوەکو ساڵی ٢٠٠٩ لە لیجە ئامەد شەهید دەبێ .

# پورە خەجێ[٧]



خەدیجە احمد محمود لە ساڵی ١٩١٧ لە گوندی باوزێ لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر چاوی بە چیاو دۆڵی سنوری ناوچەکەی هەڵهێناوە و وەك شێرە ژنێك هەمیشە شۆڕش وشاخی بەلاناوە ژیانی خۆی داناوە ئەو کاتەی دوژمن بڕیاری گواستنەوەی دێهاتەکانی دا پورە خەجێ وتی شاخ و پێشمەرگە جێناهێلیم و دەبێ  بە سەربەرزی بمرم بە تەنیا لە گوندی باوزێ وەکو تەوارە ژنێك لە گوندی باوزێ دا مایەوە و شەو رۆژی بە رێ دەکردو ئامادە نەبوو تەسلیم بە ڕژێم بێتەوە، وە لەهەمان کاتیشدا ماڵۆچکەکەی پورە خەجێ بوو بە لانەو شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگەو ڕۆژانەش خەریکی کاری کشتوکاڵی بوەو کە نمونەی ژنی خۆڕاگرو ئازاو بە وەفابوە و پێشمەرگەیەکیش بە شەو دەیەوێ سەردانی پورە خەجێ بکاو سوپاسی ئازایەتی و خۆڕاگری بکا بەڵام بە داخەوە ورچێك بە دووری ١٠٠ مەتر پەلاماری ئەداو شەهیدی ئەکا وە پورە خەجێ دوای ئەوەی ئیزگەی یەکێتی لە باوزێ وە دەگوازێتەوە ئەمیش وەك پێشمەرگەیەکی نەترس ڕوو لە سنوری بەری مەرگە ناوچەی کانی توو دەکاو لەوێ سەربەرزانە درێژە بە کارو خەباتی دەدات تاوەکو دواجار لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٤ شەهید دەبێ.

# عائیشه



عائیشه احمد محمود ناسراو پوره ئایشه پەسته له سەرەتای سالی ١٩٠٠ له جێزانێکی دڵسۆزو وڵات پارێز له گوندی باوەزێ ی مەکۆی شۆرش و شەهیدان چاوی به ژیان هەڵهێناوه و دووجار هاوسەرگیری کردوه بەهۆی ئەوەی مێردەکەی کۆچی دوای کردوه و تەنها یەك کچی هەبوه و بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندودەست ڕۆیشتوو بون ،ماڵەوەشیان هەمیشه بنکەو بارەگای پێشمەرگه بوەو له گەڵ خوشکەکەی خۆیدا که ناوی پوره خەجێ بوو که لادێکان هەمووی ڕاگوێزرا بوون ئەمان ماڵیان کرده بارەگای شۆرش و پێشمەرگه که بۆ ئەو کاته ئەمه ئەرکێکی گەورەو ترسناك بوو که قوربانی دان بوو به ژیانی خۆیان وەك پێشمەرگەیەك چیاکانی جێ نەهێشت دواتر هەر به پێشمەرگایەتی چوونه ناوچەی سنوری بەری مەرگه وه بۆ ماوەیەکیش ئاوارەی ئێران بوون وه ئەم شێره ژنه نیشانەی شۆرش و بەرخودان و ئاوەدان کردنەوەی لادێکان بوو تا به داخەوه دوای بەرێ کردنی تەمەنی ( ١٢٠ ) ساڵ کۆچی دوای کرد.

سەرنج

ئەمەش وێنەی بەشیك لەو ئافرەتە خە بات گێرانەیە كە بەشیوەییەكی پارتیزانی تیكۆشاون لە ریزەكانی پارتی كریكارانی كوردستان و گیانی خۆیان فیدای خاكی كوردستان كردوەو بەداخەوە ژیاننامەكەیان بەتەواوی بەردەست نەبوو بۆیە بە شانازیەوە وینەكانمان بلأوكردەوە وسەر ڕیزو نەوازش بۆتیكڕای ئەو ئافرەتە سەربەرزانە دائەنەوێنم كە خۆیان كردە قوربانی گەلەكەیان..



ساریا



زیلان



ئادارئەفرین



دێرسیم ڕێزان



Mihriban Saran (Dilan)

میهرەبان

## سوپاس و پێزانین بۆ ئەم خوشك و برا بەڕیزانە :

١- ناهیدحسینی . ( ح.د.ك.ئیران )

٢- ئیلهام چاپچی ( ح.د.ك.ئیران )

٣- ئەوین ، لەیلا ، پیران لەپارتی چارەسەر

٤- ئەردەلان مام وسو دزەیی ، م: هونەر سۆفی ،

م: گزنگ محمد ، ئیبراهیم میران ،

عەلی حەمەسەعید ، ڕاژیر عومەر ، ئارام باوزی

م: علی باوزی ، ڕیباز مام شۆڕش ،

کتیبخانەی گشتی قەلآدزە ..

## سەرچاوەکان :


١- شەرەفنامەی شرفخانی بدلیسی – هەژار کردویه بەکوردی

٢- چەندلاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد – کمال مەزهەر

٣- چەند بابەتیکی میژووی کورد _ د : جبار قادر

٤- مسعود محمد – گەشتی ژیانم

٥- ئەنیستۆی کەلەپوری کورد

٦- ئێ. ئی. ڤاسیلێڤیا _ باشوری ڕۆژهەلاّتی کوردستان

٧- سی. جی .ئەدمۆندز _ کوردو تورك و عەرەب

٨- سەنتەری ڕاگەیاندن وڕوناکبیری ژنان /سلێمانی _ کاریزە وشك /ڕۆژمیری ژن

٩- ڕۆلّی ژن _ نوخشه عەبدول

١٠- سایتی پارتی چارەسەر